# شەڕی نێو خۆیی!

( پاوانخوازی و نرخێکی خوێناوی بۆ داسەپاندنی دەسەڵات )

رەشاد - مستەفا سوڵتانی

دوازدەی مارسی ٢٠٢١



شەڕی نێو خۆیی یوگسلاڤیا قەتارەکەی هەڵلوشیوە و پەنابەرانی لە سەر خەتی ئاسن بەرەو ئاسۆیەکی نادیار ئاوارە کردووە .

شەڕی نێو خۆیی بۆ هیچ لایەک ئەگەر مایەی نەفرەت ، شەرمەزاری و خەمباری نە بێت ، هەر گیز مایەی جوامێری و شادی نیە .ئاکامی شەڕی نێوخۆیی زیانی گەورەی مرۆڤی، سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئابوری و بە تایبەت نەپاراستنی مافی "ژنان و منداڵان " بووە کە لە گەڵانی جیهان کەوتوە.

سەبارەت بە نەتەوەی کورد شەڕی نێو خوێی هەمیشە بە قازانجی داگیرکاران شکاوەتەوە و ،بێ تەقەی یەک فیشەک ، قازانجی بینراو و نە بێنراویان کردووە . هێزی ڕزگاری بەخشی کورد، خۆیان لە شەڕێک گلاندووە کە یەکتریان لەت و کوت و شەلاڵی خۆێن کردووە .خزمەتێکی خۆڕایی و بێ سنووریان پێشکەش بە داگیرکار وراستەوخۆ دوژمنی

شاگەشکە کردووە . ڕێکخراوە و حیزبە کوردیەکان تەنیا لە یەک دیاردە یەک گرتوون ئەویش " یەک نە گرتن " بووە. مۆر کردنی پلاتفورمی هاوبەش وتێگەیشتن و هاوکاری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان و دووری لە ناکۆکی لە نێوان حیزبە کوردیەکان زۆر نامۆیە و هیشتا کولتوری مودێرن جێ نەکەوتوە . ئایا ئەزمونی سەرکەوتوی ئیسرائیل دەرسی عیبرەتێک بۆ حیزبەکانی کودستان نیە ؟

1 - ئیرلەند : لە ولاتی ئیرلەند شەڕی نیو خۆیی ، سەرمایە و ئینرژی و ڕەنجی فراوانی هەڵلوشی و کارەساتی بۆ شارۆمەندان پێک هێنا . ناوبژی گەری کلینتون سەرکۆماری ئامریکا توانی تۆزقاڵێک لە پێکدادانەکان کەم کاتەوە.
2 - پاکستان : لە درێژەی شەڕی نێو خۆیی ساڵی ١٩٧١ زاینی، بەشێک لە وڵاتی پاکستان هەرەسی هێنا . بەنگلادش دامەزرا و لە پاکستان جیا بوەوە.
3 - لوبنان : ساڵەکانی ١٩٧٥ تا ١٩٩٠ باوڕمەندانی شیعە ، سوننە، مەسیحی ،دەروزی ، مارۆنی و فەلەستینی لە شەڕی نیو خۆ،گلان و دانیشتوانی ئەم وڵاتە چکۆلەیە ئازار و ڕەنج و ماڵ وێرانی بێ سنووریان بە نەسیب بوو .
4 - ئیسپانیا: ساڵەکانی ١٩٣٦ تا ١٩٣٩ شەڕ بەردەوام بوو . شەڕەکە لە راستیدا لە نێوان سوڤیەت و فاشیزمدا سێ ساڵی خایاند. نزیکەی ٩ میلیون ئیسپانیایی کوژران ،شەڕەکە لە نێوان سوسیالیستەکان و کۆمونیستەکان و ژنڕال فرانکۆ و ئەرتەش دەستی پێکرد. ژنڕال فرانکۆ هەموویانی بەزاند و شکست دا . شاعیر و ڕووناکبیری نێو نەتەویی ئیسپانیایی بەناوی " لۆرکا " لە سێدارە درا .
5 - ڕووسیا : لە سالەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٣ زاینی شەڕی نێو خۆیی کرا . دژی شۆڕش لەشکەری سپی هەبوو ولەبەرانبەر لەشکەری سووری بوڵشوڤیکەکان نزیکەی شەش سال شەڕی قورسیان کرد. و بیرمەندی هەڵکەوتووی جیهان ڤلادیمیر ئیلیچ لنین بە مەبەستی دەرباز بوون لە شەڕی جیهانی یەکەم ، پەیمانێکی لە گەڵ ئاڵمانیا

ئیمزا و مۆر کرد و بەو ئیمزایە سەربەخۆیی ڕووسیای سپی ، فینلەند و ئوکراینی سەلماند .

6 - باشوری کوردستان : ئەم شەڕە خوێناویە لەساڵەکانی ١٩٧٠ تا ١٩٦٤ ی زاینی درێژەی هەبووە. لە دەڤەری هەکاری بە چڵە پۆپەی خوێن رشتن و ئاستێکی دزێوگەیشت . پارتی زەربەیەکی قورسی لە یەکێتی دا کە لە ئاکامدا زۆر ترین ژمارەی سەر کردەو و هێزی نیزامی یەکێتی کوژران . زمانی زبر و میل ڕاکێشانی چەکەکانی پارتی و یەکێتی شوێنی بە ئاشتی و زمانی هاوکاری و پێکەو ژیانی لێژ کرد بوو . ئەو ئەزمونە خوێناوییە لە لایەن ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گوازرایەوە و ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتیش لە داوی نەخوازراوی شەڕی نێو خۆیی کەوتن . حیزبی بەعس گەورەترین دەسکەوتی سیاسی – کۆمەڵایەتی بەدەس هێنا و،دەسکەوتی رێبەری کوردیش لە باشور تا ڕادەیەک هیوا بەخش نەبوو و ، دیاردەی هەڵخلەتاوانی کورد کە لە خزمەت سیاست ورێبازی حیزبی بەعس بوون ، سەری لە ئاسمان دەکوتا .

7 - ڕۆژهەڵاتی کوردستان : حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ، لە فورم و شێوەی ئوپۆزیسیون دژی حکومەتی ناوەندی و بۆ بەدەس هێنانی دەسەڵات و هێژمونی سیاسی لە ناوچە کوردنشینەکان خەباتیان دەکرد. لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا شێوەیەک لە حاکمییەتی نێوە و ناتەواویان بڕێوە دەبرد . ئاکامی شەڕەکە خەسار و ڕەنج و ناهومێدی بوو کە وەک شەپۆلی دەریا هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرت . پێشمەرگە ناهومێد و لە داخ و پەژارەی نە بوونی ڕێبەری دڵسۆز و کاریزما وشەڕی نێو خۆیی ،پۆل پۆل دەستیان لە خەبات هەڵگرت. جەماوەر و شارۆمەندان، کە هێزی بزوێنەری خەبات بوون ، بەرە بەرە نا هومێد و پاسیڤ بوون و لە بزووتنەوەکە دڵسارد بونەوە . ئاکامی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات ڕاستەوخۆ بە قازانجی سپای پاسداران و جمهوری سێدارە تەواو بوو . زەرەمەندی سەرەکی، ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. لەم شەڕەدا نوێنەری هێزی چەپی

سیکۆلار و لیبڕاو کە خاوەن پێگەی قورسی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەین بوو کز و لاواز کرا و ستاتوسی لە شوینی شیاوی خۆی بەرەو ئاستێکی تر و جێگای نە شیاو خزا . بە تێپەر بوونی زەمان هەر دوو حیزب و بەتایبەت کۆمەڵە تووشی لەت لەت بوون و جیایی و ناکۆکی هاتن . بە دڵخواز ئەگەر ڕێژەی ٩٩ لە سەد و یا یەک لە سەد بۆ خەتا و تاوانی هەرکام لەم حیزبانە دابنین ، هێشتا بیر و ڕای گشتی شارۆمەندانی کوردستان، شەڕەکە بە ناڕەوا ، ڕووخێنەر ،پاوانخواز ، خولقێنەری زام و برینە قووڵەکان و ماڵ وێرانی کورد دەزانن. هەڵبژرادنێک لە رۆژهەڵاتی کوردستان نە کرابوو تا بیسەلمێنیت کام هێز زۆرینەیە و کام هێز کەمینەیە تا دەسەلاتی حوکمڕانی بە نیسبەت ژمارەی دنگدەرانەوە دیاری کرێت . .دەکرا بە خاتری خاتران ، بەر گری لە خوێن ڕشتن ، نرخ دانان بۆ کولتوری جێ کەوتووی پێکەوە ژیان و بیر و ڕای شارۆمەندانی کورد ناکۆکیەکان چارەسەر کەن و رێگای ئاشتی ، دیدار و دیالۆگ هەڵبژێرن و ، لە سەرخاڵە هاوبەشەکان پلاتفورمێک ئیمزا و مۆرکەن. ئاگر بەس هەر نەکرا . بەڵام ئامانجی نە پێکراو ،جەستە و پەیکەری بریندار ، هێلاک ، ماندوو و خوێناوی بزووتنەوەی رزگارییەخش، جۆرە هەستێکی نادیاری ڕێز گرتن لە ئاشتی ، دیسکورسی زامە سارێژ نە بووەکان و " ڕاسپاردە و زەختی مێژوویی" بە سەر هەر دوو هێزەکە ، کە لە واقیعدا سواو و کول بووبوون داسەپا و تەقە ڕاوەستا و جمهوری سێدارە بە ئامانجی خۆی گەیشت .

8- فینلەند : شەڕی نێوخۆیی سپیەکان و سوورەکان ، کە سەرەنجام بە قازانجی هێچ لایەک تەواو نەبوو، بەڵام هەر سپیەکان سەرکەوتوو بوون .

9- شەڕی نێو خۆیی کۆمارە یەکگرتوەکانی ئامریکا چوار ساڵی خایاند و . باکوریەکان بە رێبەری ئابراهام لینکوڵن و بە قازانجی ڕەشەکان و نەمانی کۆیلایەتی تەواو بوو .

10 - شەڕی داعش لە سووریا و عێراق: لە بنیاندا قازانج خوازان و تاڵانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە لایەن زلهێزەکانەوە و دەسەڵاتە ئابوریەکانی جیهان ،بووە دەلێلی سەرەکی پێک هاتنی ئەم هێزە . کاتێک کۆنەپارێزی بانگە وازی بڵاو کردەوە ئاینی سوننە وڵامی پۆزیتیڤی داوە و لە چوار قوژبنی جیهانەوە یارمەتی نیزامی دران . لە چین و پاکستانەوە بگرە تا وڵاتانی ئافریقایی و ئوروپایی ئەندامی شەڕکەریان کۆ کردەوە و ڕۆژهەڵاتیان لە شەرێکی نێو خۆیی نوقمەسار کرد . تەنیا هێزی شەڕکەر و سەرکەوتوو کە تاجی سەربەرزی مێژوویی لە سەرنا گریلا و پێشمەرگەکانی کوردستان بوون. هێزەکانی تر ، تەنیا شێوازی تیاتریان دەگێڕا و جگە لە تەقەمەنی زۆر ، شەهامەتی شەڕیان لە گەڵ داعش نەبوو . تورکیا بە فەرمی لە داعش پشتیوانی کرد . ئێرانیش نە بۆ حورمەت و پاراستن و ڕێز گرتن لە شارۆمەندانی کورد، بەڵکوو مەترسی تەقاندنەوەی گۆمەزەکانی کەربەلا و نەجەفی هەست کردبوو و بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە تەنیا لە هێزی پێشمەرگە کەڵکیان وەر گرت ئەگێنا خۆیان هەرگیز شەهامەتی شەڕی داعشیان نەبوو . گەورەترین خەسارەت و سوکایەتی و ژنوساید لە نەتەوەی شەریفی ئیزدی کرا ، کە دیاردەی نەفرت کراوی کۆیلەکردنی ژنان کە هی سەردمی کۆنی بیابانەکانی عەرەبستان بوو زیندوو کرایەوە . کڕین و فرۆشتنی ژنانی کۆیلە لە بازاری موسڵ ، تا شکستی داعش بەردەوام بوو . و زل هێزەکان لە سەر مانەوەی بەشار ئەسەد ڕێککەوتن وخوێنی چەند میلیون مرۆڤی بێ تاوان ڕژا .

شەڕی نێو خۆیی یوگسلاڤیا : سیاسەت و ڕێبازی شوینیستی سەربەکان و لە بەر چاو نەگرتنی مافی نەتەوەکانی تر ، یوگسلاڤیای بەرەو داڕوخان و لێک ترازان و هەڵوەشانەوە برد. چەند دەوڵەتی تازە پێک هات و ڕەنگە پڕ کارەسات ترین شەڕی ئوروپا و جیهان بووبێت .

11 - شەڕی نێو خۆیی چین : کە لە نێوان دژە شۆڕش و حیزبی کومونیستی چین پێک هات و لە ماوەیەکی کورتدا ، هێزی دژە

شۆرش شکستی خوارد و کومونیستەکان سەرکەوتن . ئەم شەڕە بۆ حیزبی کومونیسی چین فرە گران تەوا بوو .

12 - شەڕی نێو خۆیی لە قاڕەی ئافریقا و نمونەی بەرجەستەی لە وڵاتانی سیرالئون و سومالیا و ڕەواندز پێش هات . کە بەهۆی گەشە نەکردنی کۆمەڵگاکانیان و تێهەڵقورتاندنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و تالانی یەک سەدە سەروەت و سامانیان لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، سیمای شەڕە نێو خۆییەکان فرە دزێو و ناشیرین بوو. زەرەرمەندی سەرەکی ژنان و منداڵانی ئافریقا بوون .

تەواو

....................

* بۆ بیر جیاوازەکان ڕێزی بێ سنوورم هەیە . تەنیا لە ڕوانگە و هەڵویستی بیرجیاوازانێک کە حورمەتی کولتورو پرنسیبی شکۆداری ماسمێدیا و ڕۆژنامەگەری دەگرن و لە بەرچاوە، پێشوازی دەکرێت .

( ر - م س ) دوازدەی مارسی٢٠٢١